# ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە

# مافێکی سەرەتایی خەڵکەو دەبێت بەڕەسمی بناسرێت

ڕێکەوتی 2005/9/7 خەڵکی شارۆچکەی کەلار، لەبەرامبەر گەندەڵی دامودەزگاکانی حکومەت و بێمافی و بێخزمەتی هەمەلایەنەی خەڵك، ڕێپێوانێکی هێمنانەیان ڕێکخست و بە چەند درووشمێك گوزارشتیان لە خواست و ناڕەزایەتیەکانیان کرد. لەبەرامبەردا هێزەکانی ئاساییش سەرەتا بەرەو ئاسمان و دواتر روو لەخەڵك چەکەکانیان خستەکارو تەقەیانکرد. کاتێك خەڵك هەڵوێستی نامەسئولانەی کاربەدەستانیان بینی، نەك هەر چاوترسێن نەبوون، بەڵکو لەهەموولایەکەوە بە ڕێپێوانەکەوە پەیوەست بوون و ناڕەزایەتی پەنگخواردووی خۆیان رووبەڕووی پەلاماردەران کردەوە، دەسەڵاتدارانیش لە کفری و باوەنوورو سلێمانیەوە هێزی ئاساییشیان بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی ئەو خەڵکە پەلکێش کردو لەئاکامدا دەیان کەس بریندار بوون و دەیانیش ڕەوانەی گرتووخانەکان کران.

هەڵبەت ئەوە یەکە مجار نیە هێزەکانی ئاساییشی کوردستان بەتایبەتی لە ئیدارەی سلێمانی بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی خۆیانەوە، بەچەك وەڵامی ڕێپێوان و داخوازییە بەرهەق و سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان دەدەنەوەو خەڵك لەسەر داواکاریەکانیان را پێچی زیندان دەکەن، لە15ساڵی دەسەڵاتیاندا نمونەی زۆری لەو بارەیەوە تێدایەو تەنها لە 6مانگی رابردوودا: قوتابیانی زانکۆی صلاح الدین لەرێگەی هاتنیان بۆ پشتیوانی لە مانگرتوانی زانکۆی سلێمانی و خاوەن تەکسیەکانی شاری سلێمانی و پشتیوانی لەخۆپیشاندانەکانی کوردستانی ئێران لەسلێمانی و... تازەترینیشیان ڕێپێوانی هێمنانەی شارۆچکەی کەلار، تەقەیان لێکراوەو چەندین ڕێپێوان و خۆپیشاندانی تریش بەشێوەی نادیموکراتیانە پەلاماردراوەو بەزۆری چەك سەرکوتکراوەو دواتریش بۆ پاساودانی ئەو کارە تۆمەتی ئاژاوەگێڕی و ڕەچاونەکردنی مۆڵەتی یاسایی دراوەتە پاڵ.

لەروانگەی ئێمەوە ئەو جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ خواستە ڕەواکانی خەڵك و لەگەڵ خەباتی دیموکراتیکانەیان پێچەوانەی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکاری مافەسەرەتاییەکانی خەڵکەلەلایەن ئاسایشی کوردستانەوە، بۆیە بەتوندی مەحکومی دەکەین و لەدژی رادەوەستین و داوا لەدەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین لەجیاتی تۆمەت هەڵبەستنی ئاژاوەگێڕییانە بۆ پاساودانی سەرکوتەکانیان، چاو بەسەر ئەو سیاسەتەیاندا بگێرنەوە، کە زۆر هێزی لەوان زەبەلاحتری لەبەرامبەر ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستاندا بەچۆکدا هێناوە.

مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە مافێکی سەرەتایی خەڵك و ڕێگایەکی دیموکراتیانەیە بۆ جێخستنی داخوازییەکان و هیچ پێویستی بەمۆڵەت وەرگرتن نییە و یەکێك لەبنەماکانی دیموکراتیەت ئەوەیە کەئەمانە بەتەواوی ئازاد بن. سەندنەوەی ئەم مافەو بەستنی ئەو ڕێگایەو تەقەکردن لەوانەی پەیڕەوی دەکەن، جگە لە پێشێلکردنی ئازادیەکان شتێکی دیکە نییەو جگە لە نەفرەتیش شتێکی دیکەی لێ ناڕسکێت.

داخوازی خەڵکی کەلار، خواست و داخوازی تەواوی خەڵکی کوردستانە لەدژی ئەو هەموو گەندەڵی و بێمافی و جیاوازییانەی کە هەیەو ئێمە هاوکات لەگەڵ ریسواکردنی هەوڵی ئیسلامیەکان بۆ شێواندنی ئەو ڕێپێوانە، هاوکاری و پشتیوانی خۆمان لەخەبات و داواکارییەکانی خەڵك رادەگەیەنین و خوازیارین گیراوەکانی ئەم خەباتە دەستبەجێ ئازاد بکرێن.کەمی یان نەبوونی ئاوو کارەباو سوتەمەنییەکان و خزمەتگوزارییەکانی تر، لە پاڵ سەرکوت و قەدەغەکردنی ئازادییەکان، بارودۆخێکی وەها نالەباری پێکهێناوە کە نەك هەرخەڵکی کەلار بەڵکو تەواوی خەڵکی کوردستان پێویستە لەبەرامبەریدا بێنە مەیدان و بەخەباتی خۆیان کۆتایی پێبهێنن. دەسەڵاتدارانی کوردستان، رۆژگارێك بەناوی هەڕەشەی رژێمی بەعسەوە خواستەکانی خەڵکیان پشتگوێدەخست و هەموو دەنگێکی نارازییان خەفەدەکرد، ئەمڕۆش دەیانەوێت درێژە بەو فریوکارییە بدەن، بەڵام ئیتر ئەو کڵاوە ناچێتە سەری خەڵك.

بژی خەباتی جەماوەری خەڵك بۆ بەدیهێنانی داخوازیەکاو بەدەستخستنی مافەکان

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

کۆمیتەی ناوەندی

2005/9/7